حکومەت بە فەرمی ڕەتیدەکاتەوە هیچ دامەزراندنێکی نوێ لەناو دەزگاکانیدا هەبێت

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕەتیکردەوە هیچ دامەزراندنێک لەناو دەزگاکانی حکومەتدا هەبێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەست موتەڵع کەوتووە ڕایگەیاند: "لەم دوایانەدا تەبینی ئەوە کراوە کە لایەنە سیاسییەکان هەوڵی ڕاکێشانی هاووڵاتیان دەدەن وفێڵیان لێ دەکەن بەوەی دامەزراندن لە ناو دەزگاکانی حکومەتدا هەیە".

فەرمانگەکە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا دووپاتیکردەوە، یاسای بودجەی سێ ساڵە کە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر داوە، لە مادەی 14/چوارەمی أ)دا ڕاگرتنی دامەزراندن و گرێبەست لە سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتدا هاتووە.

هەروەها داوای لە هاووڵاتیان کرد کە نەخرێنە ناو ئەو کردەوەیانەوە، کە هەوڵی قۆرخکردنیان دەدەن بە مەبەست و بەرژەوەندیە تاکە کەسییەکان کە دەچنە بازنەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە.